

# نامـــــــــــه

**هۆنراوەی شاڵاو**

ئەمشەو
پرشنگی مانگ دەگرم
دای دەهێنم وەک قژی خاو
ئەستێرەکانی ئاسمانیش
دێمنە خوارێ
دەیانکەم بە یەک تیشکی چاو
هەناسەی ساردی عاشقێک
دەکەم بە هەست
هەتاوت بۆ دەهێنمە خوار
دەیخەمە سەر ناو لەپی دەست
هەرچی بۆنی کوردستانە
دەیکەم بە ئاو
دەیپرژێنم
بە باڵایدا وەکوگوڵاو
هەمووی دەکەم
بە شیعرێک و
بە شەماڵی دادەسپێرم
لەگەڵ کازێوەی هەتاودا
بۆ باڵای تۆیان دەنیرم
....